# رۆژهەڵاتی کوردستان

# له نێوان

# دوێنێ



# و

# ئەمڕۆدا

**برایم فەڕشی**

## بۆچی ....؟!

ئەو نەتەوانەی لە سەدەی نۆزدە و بیست وەک نەتەوەی کورد خەباتی خۆیان دەستپێکرد، بە سەربەستی گەیشتوون. کورد وەک میللەتێکی پەنجا ملیۆنی لە هەر چواربەش، لە گێژاویی گرفت و مەسەلە ناوخۆییەکانی خۆیدا دەسووڕێتەوە.
دوێنێ چۆن بوو، ئێستا چۆنە، سبەی چۆن دەبێ؟ پرسیار ماوەتەوە.
ئەمڕۆ و سبەی بە بێ ئاوڕدانەوە و ڕەخنەی ڕوون و ڕۆشن، دەبێتە درێژەی دوێنێ. دوێنێ و ئەمڕۆی کورد پڕ لە ئاڵۆزی و ناڕوونی و قەیران بووە و هەیە، درێژەدان بە ڕەوتی دوێنێ دووبارەکردنەوەی مێژووی سیاسی شکەستخواردووە.
گرفتەکانی کورد تەنیا گرفتی قالب و ڕواڵەت و دەزگا نییە، گرفتی هزریی، تێگەیشتن، سیاسی و بەرفراوانترە، گرفتی نەناسینی خۆ و وڵات و پێگەیە، گرفتی ستراتێژیی، دیپلۆماسی و کەسایەتی سیاسی‌یە. گرفتی نەبوونی پلانی نەتەوەیی، ڕێکخراوەیی، نیزامی و گرفتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و خۆناسین و خۆناساندنە.
ئەم گرفتانە دوور لە پلان و بەرنامە وەک خۆیان دەمێنن و سەدەی بیست ویەک دەکەنە درێژەی سەدەی نۆزدە و بیست. قەیرانی سیاسی – هزریی ناو کۆمەڵگای کورد هەموو بەشەکانی ناو کۆمەڵگا و بە تایبەت حزبەکان دەگرێتەوە کە گەمەی سیاسی سەرەکی کەوتۆتە دەستی ئەوان.
ئەم کۆمەڵە وتووێژە کە ئەمڕۆ ئەنجام نەدراون، ئەم پرسیارە دەهێننە پێش کە بۆچی سیاسەتی کورد لە دوێنێدا قەتیس ماوەتەوە؟ لەم پێشەکییەدا دەکرا ئاماژە بە گەلێک باس بکرێ، بەڵام باشترە خوێنەر خۆی بچێتە ناو قووڵایی باسەکان و خۆشی تاوتۆی باسەکان بکات. نووسەری ئەم دێڕانە وڵا می پرسیارەکان داخراو نابینێ و گفتوگۆ، ڕەخنە و پێشنیار بە پێویست دەزانێ.
برایم فەرشی
سپتامبری ٢٠٢٢

## حزبی بێ جەماوەر کلوبی سیاسی یە!

**پرسیار:** بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟
**وڵام:** ئەگەر مەبەستتان بەرە لە ناوخۆی کوردستان بێت، دەبێ باس لە بارودۆخ و ئیمکان و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای پێکهاتنی بەرە بکەین، بەڵام لەوە ناچێ مەبەستی بەڕێزت بەرە لە ناوخۆی وڵات بێت، مەبەستتان بەرەی نێوان حزبەکانی دەرەوەی وڵاتە، کە ساڵانێکە باس دەکرێ و بە سەرئەنجام نەگەیشتووە.
بە نەزەری من ئەوە هەڵەیەکی گەورەی سیاسییە ئەگەر ئێمە دروستکردنی بەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆکردنەوەی حزبەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ببینین. خەباتی خەڵکی کورد لە زڕگوێزەکان و کۆیە و شارەکانی ڕۆژئاوا نییە. خەباتو خەباتکارو خەڵکی کورد لە ناوخۆی وڵاتن. بەرە بۆ خەباتی هاوبەش هەر لە وڵات ساز دەکرێ. سەرەکیترین گرفتی ئەو حزبانەش ئەوەیە، کە لە ناوخۆی وڵات نین و ئەو زەرورەتە لە دەرەوەی کوردستانەوە هەست پێناکەن. ڕابەران و ئەندامانی ئەو حزبانە لە هەموو جیهان بڵاو بوونەتەوە، بە بێ ئەوەی تەئسیریان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ڕووداوەکان و ڕەوتی سیاسی بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەبێ. زەرورەتی خەباتو پێک هێنانی بەرە لە ناوخۆی وڵاتە، بەڵام حزب و تەشکیلاتەکان بە سەدان و هەزاران کیلومەتر لە خەڵک و لە وڵات دوورن. ئەو خەڵکەی لە دەرەوەیە و ئەو تەشکیلاتەی کە تێیدا کار دەکەن، ناتوانێ و نابێ جێگای خەڵک و تەشکیلاتی ناوخۆ پڕ کاتەوە. خەڵک و تەشکیلاتی دەرەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، کە باری سیاسی نییە، پێویستی بە بەرە نییە، لە هەندەرانیشەوە بەرە دروست کردن بە بێ بەشداری چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و جەماوەری ناوخۆی وڵات، مەوزوعیەتی نییە. <u>ئەوەی بە ناوی حزب لە دەرەوەی وڵات دەناسێندرێ کلوبی سیاسی یە، حزب نییە!</u> حزبی بێ جەماوەر کلوبی سیاسی یە، کلوبی سیاسی پێویستی بە بەرە نییە، لە بەر ئەوەی نە خەڵکی لەگەڵە و نە بەشدارە لە خەباتی سیاسی! دروستکردنی بەرە بە بێ خەڵک و بە بێ وڵات دەتوانێ هەموو مانایەکی هەبێ جگە لە مانای سیاسیی. ئەو کاتەی حزبەکان لە ناوخۆی وڵات بوون، ناچار بوون لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا لە ماوەیەکی کورتدا، "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" کە چەشنێک لە بەرە بوو پێک بێنن. کۆمەڵە و چریکەکانی فەدایی کە هیچ

بەرنامەیەکیان بۆ خودموختاری نەبوو، لە ماوەی هەفتەیەکدا لە پاییزی ساڵی ٥٨ بوون بە خاوەنی بەرنامە بۆ ئەوەی لەو هەیئەتەدا بەشدار بن. ئەو کارەی ساڵی ١٣٥٨ لە ماوەی هەفتەیەکدا بە سەرئەنجام گەیشت، ماوەی ٣٠ ساڵە لە دەرەوە بێ سەرئەنجام ماوەتەوە. هۆیەکەی ئەوەیە ئەوان لە خەباتدا بوون، ئەوان لە ناو خەڵکدا بوون، ئەوان بەرپرسیار بوون، ئەوان حزبی جەماوەر بوون، ئەوان لە وڵاتی خۆیان بوون. ئەو حزبانە لە دەرەوە ئەو پێناسەیەیان نەماوە و پێکهێنانی بەرەش بۆیان مەوزوعیەتی نییە. هۆیەکی دیکەی ناکامی لە پێکهاتنی بەرەی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن حزبەکانەوە لە دەرەوەی کوردستان، زاڵبوونی فەرهەنگێکی نزمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیە. هۆی دیکەش هەیە کە لە چوارچێوەی فەرهەنگی سیاسییدا ناگونجێ، منیش باسی ناکەم.

**پرسیار:** ئەدی هاوکاری و کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەم و زۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟

**وڵام:** لە ناوخۆی وڵات هاوکاری و کۆدەنگی لە نێوان چێن و توێژو گروپەکانی کۆمەڵایەتی و پێشڕەوانی خەباتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پیشەیی، بە پێی بارودۆخی ئێران و کوردستان و ڕادەی تێگەیشتوویی کەسەکان و پێوەندی ناوکۆمەڵ و شێوەی ڕێکخستن، دەبیندرێ، ئەوەش تابعێکە لە زەوروورتی خەبات و بارودۆخەکە. ئەگەر مەبەست هاوکاری و کۆدەنگی لە نێوان ئەو حزبانەدا بێ کە زەرورەتی بەرە نابینن، ئەوە وڵامی پرسیارەکە دراوەتەوە. بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو پرسیارە پێوەندی بە کاری دەرەوەی وڵاتیشەوە هەیە، دەبێ بگوترێ لە لایەک حزبەکان لە باری فکری و دیپلۆماسی و کاری ڕاگەیاندن لەو ئاستەدا نیین لە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و لە مێدیای ڕۆژئاوادا هەڵسوڕێن، لە لایەکی تر بەرنامە و کادری پێویستیان بۆ ئەو کارانە نییە. ئەو کۆمەڵە کەسەش کە بە ڕەنجی خۆیان لە ئورووپا پێگەیشتوون و لەگەڵ ئەو حزبانە کار دەکەن، کاری وایان پێئەسپاردوون کە فڕی بە پسپۆڕی و لێهاتوویی ئەوانەوە نییە، هەر بۆیە ئەو کەسانەش کە دەتوانن لەو بەستێنانەدا بە سوود بن، لەو تەشکیلاتە بێ کەڵکانەدا ئێنێرژیان سووتێندراوە. ئەوە هەمان خەتی فکرییە کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٧وە لەو حزبانەدا هەبوو، هیچ پسپۆڕێک لە هیچ بوارێکدا لەو حزبانەدا جێگای خۆی نەبووە و دەتوانم بڵێم ناشیبێت. لە حاڵ و وەزعێکی وادا چۆن بیر لە هاوکاریو کۆدەنگی لەگەڵ غەیری خۆیان بکەنەوە؟ ئەگەریش مەبەست بە هەزاران کەسی دوور لە حزبەکان لە دەرەوەی وڵات بێ، کە هاوکاری یەکتر ناکەن و کۆدەنگی تەنیا لە ئیمزا کردنی بەیان و ئیعلامیەدا دەبیندرێ، ئەوە باسێکی بەربڵاوە کە لێرەدا وڵامی نادرێتەوە و پێویست بەوە دەکات بە تایبەت باس لەو پرۆسەیە بکەین کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە پێواویانە. دەبێ ئەوە لێکدەینەوە و هۆیەکانی باس بکەین کە چۆنە پێشمەرگەیەکی جەنگاوەر، مرۆڤێکی سیاسی پڕ لە ئەوین و گوڕوتین و خۆشەویستی خەڵک و  وڵات، هیواکانی لە دەست دەدات و دەبێتە مرۆڤێکی ئاسایی دوور لە سیاسەت و دوور لە هیوای سیاسیی. هەر ئەو پرۆسەیە شاملی ئەندامانی هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی  وڵاتیش دەبێ. لە بەر ئەو هۆیانە هاوکاری و کۆدەنگی لە ناو کوردی دەروەی وڵاتدا یان نییە یان لاوازە. هەر حەولێکیش بۆ هاوکاری و گەیشتن بە کۆدەنگی درابێت، حزبەکان بە بیانووی ڕەنگاوڕەنگ چەتیان تێخستووە. فکری زاڵ بە سەر ئەو حزبانەدا هێژێمۆنی خوازی خۆیان و هاوکاری نەکردن لەگەڵ غەیری خۆیانە، هەرچەند لە ناوخۆشیاندا هاوکاری پێویستیان لەگەڵ یەکتر نییە.

**پرسیار:** پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان لە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**وڵام:** پێم وانییە. لە بەر ئەوەی هیچ پلانێک بۆ ڕۆژێکی وا لە لایەن حزبەکانی دەرەوی کوردستانەوە نابیندرێ. تەجروبەی پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ٢٠٠٩ ئەوەی سەلماند، کە تەنانەت سیاسەتێکی هاودەست لە ناو حزبەکاندا بەرانبەر بە ڕووداوەکانی سەردەمی هەڵبژاردن و پاشان لە ئارادا نەبوو. ئەوەش کە حزبێک لە دەرەوەڕا چاوەڕوان بێ هەل بقۆزێتەوە، لە کاری سیاسی ناچێ. یان ئەگەر پێمان وابێ ئۆپۆزسیۆنی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوەی وڵاتە سەرتاپا هەڵەیە. ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی وڵاتە و دەیان و سەدان نوێنەری بەرچاوی هەیە کە ئەمڕۆ ناوەکانیان جیهانیە و لە بەڵگەنامەکانی ناونەتەویدا ناویان دەبیندرێ. ئەوان و ئەو خەڵکەی کە ئەوان لە ناویاندا دەژین، خاوەنی سەرەکی جوڵانەوە و خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، هەر ئەوانیش ڕابەرانی جوڵانەوەکەن، با ئێستا لە زیندان یان لە ژێر نالەباترین ڕەوشی

ژیان دابن، بەڵام سبەی ڕۆژێ لە سەر دەستی ئەو کەسانە حزبی نوێ دروست دەکرێ. ئالترناتیوی سیاسی ئەو حزبانەی دەرەوە لە ناوخۆی وڵات هەر لە سەر دەستی ئەو کەسانە کە لە ماوی سی ساڵی ڕابووردودا لە گەڵ ڕژیم دەستە و یەخە بوون، پێک دێت. ئێمە لە دواڕۆژدا لە ناوخۆی وڵات شاهیدی دروستبوونی حزبی ئەو سەردەمەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات دەبین، جا چ منی خارجە نشین پێم خۆش بێ یان پێم ناخۆش بێ. ئەوەش جەبری ژیان و خەباتە و زیهنیەتی کەسانی وەک من ناتوانێ بیگۆڕێ یان بەری پێ بگرێ. ئەو هەلەی کە حزبەکانی دەرەوی وڵات دەبێ بیقۆزنەوە، لە دواڕۆژدا نییە، لەورۆ دایە. ئەوان دەبێ ئەو تەشکیلاتە بێ کەڵکانەی دەرەوی وڵات و ئەو بارگایانەی کە لە باشووری کوردستان سازیان کردووە، خڕ کەنەوە و فۆرمێکی ئەمڕۆیی بە کارەکانی دەرەوەی وڵاتیان بدەن و ئێنێرژی و وەزی زیندانی کراوی کەسەکانیان بۆ کاری جیددی رەها بکەن و ستراتێژی تەشکیلاتی و سیاسیان بە چەشنێکی گونجاو لە پێوەندی لەگەڵ داخلدا بگۆڕن. بۆ ئەو کارەش بەرنامە و پلانی هەمە لایەنی سیاسی و سازمانی و تەکنیکی پێویستە کە لە پرۆسەیەکدا جێ بەجێ بکرێ. ئەگەر حزبەکانی دەرەوەی وڵاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حاڵەتی ئەمڕۆیانەوە بگەنە ئەو هەلو مەرجە کە ئێوە باسی دەکەن، دەوری باشیان لێ چاوەڕوان ناکرێ.

**پرسیار:** لە بارودۆخی ئێستادا، پرش و بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**وڵام:** لام وایە ئەو پرسیارە پێویستی بە وڵامدانەوە نییە. هەر کەس سەیری دەوروبەری خۆی بکات، مەترسیەکان نە تەنیا هەست پێدەکات، بەڵکو کارەساتەکانیش دەبینێ، زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەی ئێمە لە کارەساتدا دەژین. بەڵام جیددیترین مەترسییەک کە هەر ئێستا هەستی پێدەکرێ، نەخوێندنەوەی کوردەکانە لە معادلاتی سیاسی چ لە ناوخۆو چ لە ناو بە ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەرەوەو چ لە معادلاتی ناونەتەوەیی وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەوەی جاروباریش حزبەکان دەیکەنە خۆراکی تەبلیغی خۆیان بەو مانایە کە ئەوان پێوەندیان لەگەڵ شوێنەکانی بڕیادەری سیاسی جیهانی هەیە، گاڵتەو جەفەنگە.

**پرسیار:** قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**وڵام:** لام وایە وڵامی ئەم پرسیارەش لای خەڵکی کورد ڕوونە. بەرەیەکی چڕوپڕ کە قورسایی سەرەکی لە هێزەکانی ناوخۆی وڵات بێ و پشتیوان یان هاوبەشانی وەک حزبەکانی دەروەی کوردستان و جەماوەری کوردی نیشتەجێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوای هەبێ و خاوەنی دام و دەزگای سەردەمیانەی دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن بێت، نە تەنیا کورد وەک هێزێکی جیددی گۆڕانکاری سیاسی لە ئێران نیشان دەدات و لە ئاستی ناونەتەوەیی حیسابی بۆ دەکرێ، بەڵکو بەشی جیا نەکراوەی دەستەڵاتی دواڕۆژی ئێران دەبێ. لە لایەکی دی کە گەلێک گرنگە هێزو تواناو وزەی خەڵک زیاد دەکات و ورەی تاک تاکی کورد لە هەر شوێنێک بن بەرز دەکاتەوە و هیوا بە داهاتوو زۆرتر دەکات و ژیان لە بەر چاوی تاکی کورد گەش دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی من لە وڵامی ئەو پرسیارەدا باسم کرد، ڕەنگە لە حاڵ و ڕۆژی ئێستای ئەو حزبانەدا، لە شانۆنامەیەکی دەستکردی برایم فەرشی بچێت، هەتا پلانی سیاسی و ڕێکخستنی ئێلیتی کورد و حزبەکانی دەرەوە.

**پرسیار:** باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووان‌دا هەیە و پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە ڕێک بکەون؟

**وڵام:** باشتر وایە ئەو پرسیارە لەو حزبانە بکرێ. منیش لە گەڵ جەنابت ئەو پرسیارەیان لێ دەکەم. ئەرێ بەڕێزان ڕابەرانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ئایا ئێوە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشتان لەگەڵ یەکتردا هەیە؟ ئەو خاڵە هاوبەشانە چین؟ کاک ڕەحیم! ئەو حزبانە نە تەنیا خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵکو ئەوانە یەک بوون و بوونەتە دوو، بوونەتە چەند. لە پێشدا دەبێ ئانالیزی فکرو فەرهەنگ و داخوازییەکانی تاکە کەسی ڕەهبەری و سەرجەم ئەندامانی بەرپرسیان بکەین بۆ ئەوەی لێی تێ بگەیین کە بۆچی بوونەتە دوو لەت و چەند لەت. پاشان دەبێ بیر لەوە بکەینەوە، ئەوانە کە وزەی جیابوونەوە و فکری لە یەک ترازانیان بە هێزترە لە فکری یەکگرتنەوە و هاوکاری کردن، چۆن دەتوانن بەرەی کوردستانی بۆ قازانجی گشتیی پێک بێنن! ئەگەر نەزەری تەواو شەخسی منتان دەوێ، دەڵێم ڕابەرانی ئەمڕۆی ئەو حزبانە هیچیان پتانسیێلی فەرهەنگی و سیاسی پێکهێنانی بەرە لە گەڵ یەکتریاندا نییە.

**پرسیار:** پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو ڕێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**وڵام:** فەرهەنگ و مەنشی ڕابەرانی ئێستای حزبەکان کە ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی ناو حزبەکانە، هۆی کۆمەڵایەتیو بنەماڵەییو شەخسی هەیە. گۆڕینی ئەو فەرهەنگە لە هەر تاکە کەسێکدا پرۆسەیە، بە مەرجێک مەیل بۆ گۆڕین لە ئارادا بێ وغەریزی و بە پێی عادەتی ژیانی شەخسی و فەرهەنگی زاڵی حزبی و سیاسی نەجوڵێنەوە. ئەو پرۆسەیە لە هەر هەنگاوێکی ڕۆژانەدا دەبێ ئاگاهانە بڕواتە پێش. من وێنەی کەسێکی وا لە ناو حزبەکاندا بۆ پێوانی پرۆسەیەکی وا نابێنم. ئەو کەسانەی کە شەڕی ناوخۆیان بە سەر حزبەکان و خەڵکی کورددا داسەپاند، هەر ئێستاش لە ناو ڕابەرایەتی حزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا دەستەڵاتیان بە دەستەوەیە، ئەوە خۆی مەترسیە بۆ ئەوڕۆو بۆ دوارۆژیش!

**پرسیار:** بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت ؟

**وڵام:** دەبێ ئەو فەرهەنگە کە مێژووی چەند هەزار ساڵەی لە نێوماندا هەیە، بگۆردرێ. دەبێ ئینسان وەک ئینسان ڕێزی لێ بگیردرێ، مافی بپارێزرێ، جا ئەو ئینسانە هەر کەسێک دەبێ ببێ. نە تەنیا مافی هەر کەس بپارێزرێ بۆ هەر خەلافێکیش کە دەکرێ لە مەڕ ئازار گەیاندن یان زیان گەیاندن بە کەسان یان بە گرووپ و دەستە و میللەتێک، دەبێ لێپرسینەوە هەبێ. تا ئەو کاتەی حزبەکانی کۆمەڵە و دێموکرات بە سەراحەت و بە ڕوونی ئاوڕ لە شەڕو پێکدادانەکانی نێوانیان نەدەنەوە و ڕاستیەکان لە گەڵ خەڵک باس نەکەن، هەم گەرای شەڕی ناوخۆ دەمێنێ، هەم دڵنگەرانی خەڵک. شەڕی دێموکرات و کۆمەڵەش یەک شەوە ڕووی نەدا، ئەوە سەرئەنجامی کۆمەڵێک کوشتن و تیرۆر بوو کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ەوە لە کوردستان دەستی پێکرد هەتا بوو بە شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات. ئەگەر باس لە پرۆژە بکرێ، من لام وایە ئەوە پرۆژەیەکی میللیە، نە تەنیا بۆ کورد بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. فکری شەڕو شەڕخوازی و پەنا بردن بۆ توندوتیژی بۆتە فکر، بۆتە عادەت، بەشێک لەو فەرهەنگە لە ڕێگای ئایینی جیاوازەوە چۆتە ناو فەرهەنگی خەڵکەوە. بۆ بنەبڕ کردنی ئەو فەرهەنگە کاری زۆر پێویستە. حزبەکان دەیانتوانی زۆر کارساز بن بۆ گۆڕینی ئەو فەرهەنگە، بەڵام ئەوان خۆیان پەرەپێدەری توندو تیژی بوون و ئێستاش بەشێک لە گرفتەکانیان بوونی ئەو فەرهەنگەیە لە ناویاندا.

**پرسیار:** حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**وڵام:** هەر وەک پێشتر باسم کرد، من هیچ دڵنیا نیم. بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کە کۆمەڵگای ئێمە لە کوردستان زۆر گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینەوە و لە حاڵی گۆڕین دایە. کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەی جیهانیش بەرەو ڕووی خەڵکی کورد لە ساڵانی ڕابووردو بە هۆی پێشکەوتنەکانی مێدیا و تەکنیکی ڕاگەیاندن، یارمەتی گەشە کردنی عەقڵەیەت و فەرهەنگی ئەمڕۆیی دەدا. باوەڕم بەوە هەیە ئێمە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ لەو گوندە جیهانییەدا دەژین، هەر ئەوە لە زۆر لایەنەوە هانمان دەدا کە عاقڵتر لە ڕابووردو لە گەڵ خۆمان و کەسانی دی بجوڵێنەوە. هەرچەند فەرهەنگی شەڕو شەڕخوازی و بە کار هێنانی توندو تیژی لە نێو ئێمەدا هێشتا ماوە، بەو حاڵە نە حزباکان و نە خەڵکی دیکە دەرفەتی سی ساڵ لەوە پێشیان پێنادرێ، بۆ چارەسەری کێشەکان پەنا بۆ چەک بەرن. کوردستانی ئەمڕۆی ئێمە لە هەموو لایەنێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ژێربینای ئیقتیسادی گۆڕانی بنەڕەتی بە خۆیەوە دیتووە. هەر وەها بوونی سەدان هەزار کورد لە دەرەوەی وڵات و تێکەڵبوون لە گەڵ ژیانی ئەمڕۆ، دەتوانێ یارمەتی بدات بە پاشەکشە پێ کردن بە فەرهەنگی دەست بۆ چەک بردن. هەر وەک باسم کرد لە بەر ئەوەی هێزی سەرەکی سیاسی لە ناوخۆی وڵاتە، بە لە بەر چاوگرتنی ئەو پارامەترانەی کە باس کرا، هێزو توانا زۆرترە بۆ پێشگرتن لە بە کار هێنانی چەک و پەنا بردن بۆ توندو تیژی. هەر بۆیە حزبەکان دەبێ ئەو فکرە لە کەلەی خۆیاندا بسڕنەوە، کە سبەی ڕۆژێ بە چەکەوە بگەڕێنەوە کوردستان و دیسان بینەوە بە عەمەر پاشا. هەر لە ئێستاوە دەبێ لە بیری تەفاهوم و هاوکاری کردن لە گەڵ یەکتر دابن و ڕێز لە کەسان و هێزی سیاسی دیکە بگرن کە لە دوارۆژدا پێک دێن. خۆ هەڵواسین بە ڕابووردووەوە بۆ ئەوەی داهاتوو بخەیەی چنگی خۆت، نە لە فەرهەنگی سیاسیدا مانای هەیە و نە سیاسیشە. هەر زەمان و سەردەمێک ڕۆڵەی خۆی هەیە، ڕۆڵەکانی

سەردەمی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژە لە دایک بوون، باوەڕ بێنین بەو ڕۆلانەو بەو هێزەی کە لە ناوخۆی وڵات هەیە.

**پرسیار:** ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ.

**وڵام:** ئەوەی وەک تەجروبە لە باشووری کوردستان هەیە، پێکهاتنە بۆ شەڕ نەکردن لەگەڵ یەکتر، تەوافقی وا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەتوانێ سەر بگرێ. بەڵام هەر وەک باس کرا لەوە گرنگترە ئەوەیە ئێمە فەرهەنگی ڕێز لە یەکتر گرتن پەرە پێ بدەین. حیزبەکان دەتوانن ئەو مەبەستە وەک دەرس لە ناو کەسەکانیاندا بڵێنەوە. بۆ بەرگری کردن لە پەنا بردن بە توووند وتیژی پرۆژەی پەروەردەیی هەمە لایەن هەیە، دەکرێ بەکار بهێندرێ. بۆ دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و دووره پەرێزی لە توووندوتیژیی، کە کارێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە، دەبێ لە ئێستاوە دەست بەکار بین. لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو پرۆسەیە هەر لە باخچەی منداڵانەوە دەست پێدەکات. ئێمە وەک کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان چ لە بنەماڵەکانی خۆماندا و چ لە سیستمی سیاسی و پەروەردەیی ئەو وڵاتانەدا هەمیشە بەرەو کەڵک وەرگرتن لە توووندوتیژی هان دراوین، سڕینەوەی ئەو فەرهەنگە بەشێکە لە کاری گرنگی هەر تاکە کەسێک و سەرجەم حزبەکان. لە کۆمەڵگایەکی عەقڵانیدا بۆ چارەسەری گرفتەکان پەنا بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ دەبردرێ، چەک هەڵگرتن و پەنابردن بۆ چەک قووڵکردنەوەی گرفتەکانی لە دوایە. کۆمەڵگای ئێمە و هەر کام لە ئێمە پێویستمان بە پەرەدان بە فەرهەنگی دیالۆگە.

**بەڕێز برایم فەرشی لە چەند دێرێکدا:** لە شاری بۆکان لە دایک بووە، خوێندن و پیشەی سەرەکی شانۆو بواری پێداگۆگیە، دەربارەی فەرهەنگ و هونەرو جاروبار سیاسەت دەنووسێ. چەند ساڵێک لە کوردستان و ئێران چالاکی حیزبی بووە و لە بەشی ناوەندی تەبلیغاتی "سازمانی جەوانانی پیشگام"و "کارگای هونەری ئێران " لە تاران کاری کردوە و سەردەمێکیش بۆ "هەفتەنامەی ئەکسەریت" کە لە ئوروپا دەردەچو و چەند گۆواری دیکەی فارسی زمان لە ژێر ناوی تردا[بهرام موکریانی، س.امین. گوهری، ب.ف.] لە سەر کوردستان شتی نووسیوە. ماوەی چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆواری ئاڵمانی زمانی "کوردستان هویتە" بووە. ٢٢ساڵە ئەندامی یەکیەتی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمانەو چەند ساڵێک بەرپرسی بەشی نێونەتەوەییو ئینترکولتوری ئەو دەزگایە بووە. ئێستا ئەندامی ڕێداکسیۆنیColognelife ە. کۆمەڵێک لە کتێبەکانی لە کوردستان و دەرەوە چاپ کراون، زۆرێک لە نووسراوەکانی لە گۆوارەکانی نێوخۆی وڵات و لە ڕێگای ئینترنێتەوە بڵاو کراونەتەوە، ماوەی دە ساڵ بەرپرسی ناوەندی شانۆی کۆچەر لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بووە، هەروەها ٨ ساڵ یەکێک لە بەرپرسانی ماڵپەڕی بۆکان بووە[ئێستاش هەیە]. لە ئاڵمان دەژی و وەک شانۆپێداگۆگ و داڕێژەری سیستمی فێربوون کار دەکا. بەشێک لە کارەکانی شانۆیی بە زمانی کوردی، فارسی و ئاڵمانی لە کوردستان، ئێران و ئاڵمان پێشکەش کراون، لە وانە مانگرتن (١٩٧٩)، خودموختاری یانی چی (١٩٧٩)، زەوی (١٩٩٦)، ماندانا (١٩٩٧). بە پێی بەراوەردی کامپیۆتێر تا ساڵی ٢٠٢٣ لە ژیاندا دەمێنێ و بڕیارە جەندەکەکەشی لە چاڵ نەندرێ، بەڵکە بسوتێندرێ.

ئامادەکردنی: ڕەحیم ڕەشیدی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ http://rehim.blogspot.com/٢٠١٠/١٠/

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی

**پرسیار -** هەلومەرجی سیاسیی کوردستان لە بەر جوگرفیای دابەشکراوی سیاسی و ژیۆپۆلتیکی سەخت، بەردەوام لە رەوشێکی نالەباردا بووە. ئەم بارودۆخە بە درێژایی چەندین سەدە بەردەوام بووە و بە مێژوویەکی خوێناویدا تێپەڕیوە، بزووتنەوەی کورد بە مەبەستی دیاری کردنی مافی چارەنووس و گەیشتن بەمافەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی

لەئاکامی ئەم بارودۆخەدا سەری هەڵدا. هەدەف لەم زەنجیرە وتووێژە لەگەڵ کۆمەڵێک لەچالاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، خەسارناسی و دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەرفەت، سەرکەوتن، شکستەکان و ئاسۆی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەم ڕوانگەوە یەکەمین پرسیار ئاراستەی بەڕێز برایم فەڕشی دەکەم . سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟

**وڵام:** باس لە ڕابیتەی سیاسەت و کۆمەڵ، ساختاری کۆمەلایەتی و نەزمی سیاسی و مامەڵاتی سیاسی حکوومەت، ساختاری سیاسی حزبەکان و دەورو نەقشیان لە پرۆسەی بڕیار و هەڵوێست وجێبەجێکردنیان، باس لە تەئسیری سیاسی و بڕیاری حزبەکان لە سەر چین و توێژ و لایەنەکانی ناو کۆمەڵگای هەمە چەشنی کوردستان، پێویستی بە زانیاری و ئاماری ورد هەیە. یەکەم گرفت ئەوەیە کە ئێمە زانیاری و ئاماری درووست و باوەڕپێکراوەمان لە بەر دەست دا نییە. دووهەم گرفتی ئەساسی ئەوەیە کە ڕابیتە و کارتێکردنی لایەنەکانی سەرەوە لە سەر یەکتر بە پێی زانستی کۆمەڵناسی ساخ نابێتەوە . حکوومەت دیکتاتۆر و کۆمەڵگا ئەمنەیەتی و دوور لە ئازادییە، حزب و ڕێکخراو لە دەرەوەی خەڵک و حکوومەت و وڵاتەکەن، خەڵک حکوومەت نەویست، پاسیڤ، لە گەڵ حکوومەت یان مووچەخۆری حکوومەتە. لە کۆنتێکستێکی وادا باسکردن لە "بزووتنەوەی کورد لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە" زیاتر کارێکی گرووپی هەمە لایەن و پسپۆڕانەیە هەتا پرسیارێکی ڕۆژنامەوانی. حزبەکان لە هەر وڵاتێک بازنەیەکن لە نێوان حکوومەت و خەڵک، لە ئێران حکوومەت لە تارانە، خەڵکی کورد لە کوردستانن، حزبەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و کوردستانن. لە چوارچێوەی پرسیارەکەی ئێوەدا حزبەکان دەکەونە دەرەوی ئەو پرۆسەیە، لە کوردستانی ئەمڕۆ ئەو "بەتاڵییە" بە کەسانی دی بە تایبەت لە دە ساڵی ڕابووردودا پڕ کراوەتەوە، کە دەور و ڕۆڵی حزب و بازنەی نێوان حکوومەت و خەڵک ناگێڕن. کە وایە لە سەردەمی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێمە لە گەڵ شکڵ و فۆرمی جیاوازی چالاکی کۆر و کۆمەڵی کورد ڕووبەڕوین، کە جار سیاسییە و زۆرجار کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مێدیایی. ئێمە لە ناوخۆیی وڵات حزبی سیاسی کارا و کارامەدمان نییە، و ڕێبەرایەتییەکیش بەدی ناکرێ کە لە ناوخۆی وڵات بزووتنەوەیەک لە بەرانبەر حکوومەتدا بە پشتیوانی و پاڵپشتی خەڵک، رابەرایەتی بکات.

**پرسیار:** سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بەگشتی بەستێنە سیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەریان هەڵدا؟

**وڵام:** ئەوە سروشتیە کە کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانی بە سەر دابێ. کۆمەڵانی خەڵک بە هۆی تێگەیشتن لە ژیان و پێداویستییەکانی خۆیان، هەڵدەسووڕین و باشتربوونی ژیان بۆ هەر کەس ئامانجە، ئەم ئامانجە دەتوانێ بە شێوەی کولێکتیویش لە هەر هەرێم ، ناوچە و یەک سەرزەمین و چەند سەرزەمین خۆی بنوێنێ. بەرزبوونەوەی ویستی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵەکەس بۆ ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی، گرێدراوی تێگەیشتنی تاک و کۆ و کۆمەڵە کەس و ئەندامانی کۆمەڵگایە. من زەمینەی سەرەکی و ئەساسی هەرجوڵانەوەیەک و دروستبوونی هەر حزبێک لە خوودی کۆمەڵگا و ویستی خەڵک یان بەشێک و تاقمێک لە خەڵک لە ناو ئەو هەرێم و ناوچە و وڵاتەدا دەبینم و دەزانم. بەڵام هۆکاری دەرەکیش دەوریان هەبووە و هەیە، وەک نیشتەجێ بوونی خوێندەوارانی کورد لە ئەستانبووڵ کە پردی ئوورووپا و وڵاتی ئێمە بوو، حزووری هێزی بیانی ئینگلیس و رووس لە کوردستان، تێکەڵاوی توێژی خوێندەواری کورد لە گەڵ خوێندەوار و بیرمەندانی سیاسی نەتەوەی باڵا دەست لە ئێران و عیراق و سوریە و تورکیا، جوڵانەوەی سەراسەری لە هەر کام لەو وڵاتانە و وڵاتانی ناوچە و دراوسێ، حزووری بەشێک لە کوردەکان لە سیستمی حکوومەتی و ئیداریی ناوچە و مەرکەز و هەڵگەڕانەوەیان دژی حکوومەت و هۆی تر لە وانە ناکۆکی نێوان دەستەڵاتی ناوچەیی شێخ و ئاغاواتی هاوبەستە لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزی. ئەگەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە هەتا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو هۆگەلەی کە باس کرا هاندەر بۆ دروستکردنی حزب لەو سەردەمانە بووبێ، ئەمڕۆ بە پێی گۆڕانکاریی لە هەموو بوارێکی ژیان و کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی ئینسان و لەوانە ئینسانی کورد، درووستکردنی حزب نە تەنیا پەیویست بە هۆی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا و نیازی خەڵک و کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە، بەڵکوو گرێدراوی تێگەیشتن لە چۆنیەتی و چەشنی حزب و حزبایەتیشە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی و چڕوپڕی مەسەلەکانی ژیان و مرۆڤ لە لایەک، دەوری مێدیا و زانیاریی و ئینفۆرماسیۆن لە لایەکی تر و دەور و ڕۆڵی

کۆمەڵێک وڵات و دەزگای جیهانی لە سەر وەزعی جیهان و چارەنووسی میللەتانە. حزبەکانی کوردی ئێستا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی سەردەم و جیهانی ئاڵۆزی ئەمڕۆ نیین.

**پرسیار:** لە ئێران شۆڕشی مەشرووتە، بوە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بووبێتە هۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟

**وڵام:** ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە ئێران بووە و هەیە، ئەگەر مەشروتە هۆی گۆڕان لە ئێران بووبێ، ئەوە کوردستانیش لە بازنەیەکی بەرتەسکتردا بێ نەسیب نەبووە. لە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و تیجاری و فەرهەنگی شارە گەورەکانی ئێران بە تایبەت تاران و تەورێز و دوو میللەتی ئازەری و فارس کەوتنە ژێر کارتێکردنی ڕاستەوخۆی شۆڕشی مەشرووتەوە. لە دەورەی دوای مەشروتە و سەردەمی ڕەزاخان کوردستان لە لایەنی ئیداری و فێرکردن و بارهێنان و لەشساخی و ڕێگا وبان، ئاوڕی لێدرایەوە. پاش ریفۆرمی ئەرزی محەممەد ڕەزاشا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرچاوتر بوو، ئاڵوگۆڕیی سیاسی لە پایتەختی ئێران، ڕەنگدانەوەی لە کوردستان هەبووە و هەیە، وێنە ڕووخانی ڕەزاشا لە تاران بوو بە هۆی کرانەوەی فەزایی سیاسی لە کوردستان، ڕووخانی محەممەد ڕەزاشا بەرین بوونەوەی جوڵانەوەی سیاسی لە کوردستانی بەدوواوە بوو. پێچەوانەکەشی درووستە، خراب بوونی وەزعی سیاسی لە پایتەخت، وێرانی و خەفەقان و کووشت وبری لە کوردستان لە دوابووە. هەتا ڕووخانی ڕژیمی شاهەنشاهی گۆڕانی بنەڕیتی ستروکتوری ئابووری لە کوردستان کەمتر ڕووی دا، لە مەشروتە بەو لاوە ئازەرییەکان لە لایەنی ئابوورییەوە دوای فارسەکان بوون بە هێزی دووهەم لە ئێران، هەر ئەوە بووە هۆی زیادبوونی دەستەڵاتی سیاسی ئەوان لە حکوومەتی هەردوو پەهلەوی و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. توێژێکی تایبەت لە کوردەکان لە جەنگەی شەڕی ئێران و عیراق و ئابلۆقەی ئێران لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە هۆی دوو سنووری عیراق و تورکیاوە، هەلی گەشەسەندانی ئابووریان بۆ ڕەخسا، لە درێژەدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تاجری کورد لە وڵاتانی دەوروبەر و دوورەوە کاڵایان بە شێوەی ڕەسمی وەک تاجر ڕەوانەی ناو "بازاری ئێران" کرد، لە سی و دووساڵی ڕابووردودا نە تەنیا توێژێک بەڵکوو چەند دەستە و توێژی کۆمەڵایەتی کورد لە بواری تیجاریی، خانووبەرە، خەدەمات و سەنعەت و مێدیا لە کوردستان و ئێران سەریان هەڵداو تێکەڵ بە سیستمی ئابووری ئێران بوون و هەر لێرەوە ڕێگا بۆ بەشداربوون لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و هونەری ئەم لایە و لایەنانەی کۆمەڵگای کوردستان کرایەوە. دەستەڵاتی ئیقتیسادی ئەوانە ڕێگای بۆ چالاکی لە بوارەکانی دیکەی سیاسی و فەرهەنگی، هونەریی و مێدیایی ئاواڵەتر کردەوە. بەشێک لە کورد بوونەتە بەشێک لە سیستمی سیاسی ئێران، ئەوە لە ڕژیمی پەهلەویدا ڕووی نەدا، بوونی فراکسیوونی کوردەکان لە مەجلیس، بوونی چەند ڕێکخراوی سیاسی کوردی لە چوارچێوەی قانوونی ئێران و بەشداریان لە جناحەکانی سیاسی ئێران، ڕەنگدانەوەی حزووری ئەم هێزیە کە لایەنی فەرهەنگی و هونەری و کۆمەڵایەتیشی هەیە. بێگوومان ئەو مەجمووعەیە باسی کوردبوونی خۆیان دەکەن و کۆڕوکۆمەڵی سیاسیش دەبەستن، ئەوەش لە سیستمی حکوومەتی ئێران پێشتر کەمتر بیندراوە، بەڵام بەرژەوندی ئێستای ئەوان گرێدراوی سیستمی ئەوڕۆی ئێرانە و سەرەڕای قوورسایی ئیقتیسادیی و پسپۆڕیی زانستیی و سەنعەتی و لێهاتوویی ئیداریی، لە ڕەدەکانی باڵای حکوومەت و دەستەڵاتی سیاسی و نیزامی و ئیداریی دەوریان نییە و پێشیان پێ گیراوە. گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی لە ئێران و کوردستان، جگە لەو مەجمووعەیە کە چارەنووسیان گرێدراوی حکوومەتە، توێژ و دەستە و تاقمی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیکەشی پێکهێناوە، کە بەرژەوندیان گرێدراوی حکوومەت و سیستمەکەی نییە. سەرهەڵدانی خێڵی بیرمەند، فەرهەنگی، سیاسی و چالاکی بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەری و عیلمی، ڕەنگدانەوەی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردستانە. سەرجەم لایەنەکانی سیاسی کورد لە هەردوو کاتاگۆڕی ناو حکوومەت و دەرەوەی حکوومەت دوو قۆڵی گرنگی سیاسی کورد بە سوود و زیانی کورد پێک دەهێنن. هێزی سەرەکی کورد لە دەرەوەی حکوومەتە بەڵام ژیریی سیاسی و نەتەوەیی لەوەدایە ئەو دوو هێزە بۆ یەک مەبەست و یەک ئامانج کە هەردوو لا مافیان بپارێزرێ، هەنگاو هەڵهێننەوە، بەرژەوندی و ڕزگاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوی ستراتێژێکی هەمەلایەن و هەمە هێز و یەک ئامانجە.

**پرسیار:** ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی هاوچەرخ هەڵبدەینەوە، دەبینین کە بزووتنەوەی کوردی بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەرەو ئیسلام گەرایی نەچوو؟ لەهەمان کاتیشدا بەربەرەکانێی لەگەڵ نەکرد؟ هۆکارەکان چ بوون؟

**وڵام:** نه تەنیا لە کوردستان لە جیهاندا ئایین بە ئیسلامەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەوری سیاسی بینیوە و دەرویش دەبینێ. ئەو خەڵکەی لەشی حزبەکانی پارچەکانی کوردستان پێکدەهێنن و پێکیانهێناوە، زۆربەی هەر زۆریان موسڵمانن. جەماوەری موسڵمان و پێشەوایانی ئایینی لە باشترین حاڵەتدا لە گەڵ جوڵانەوەی کوردستان بوون. ئەگەر دەستیشیان ڕۆیبێ ئەوە هەر وەک موسڵمانی عەرەب و ترک و فارس جوڵاونەتەوە و دژبەری سەرسەختی جوڵانەوەی کوردیان کردووە و ئێستاش دەیکەن. ئەوە ڕاستە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆپیشاندان و جوڵانەوەی ساڵی ٥٧ بەو لاوە کورد دروشمی ئیسلامی بە تێکڕای دەنگ بەرز نەکردەوە، بەڵام لە بیرمان نەچێ مامۆستا شێخ عزەدینی حوسێنی کە لە لایەن حزبەکانی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانەوە وەک وتەبێژ هەڵبژێردرابوو، موسڵمان بوو. لەبیرمان نەچێ کە ئەحمەد مفتی زادە و مەکتەبی قورعانی ناکۆک لە گەڵ هەموو لایەنەکانی دیکەی کورد، ئیسلامی بوون. حزبی خەبات و سپای ڕزگاری لە دوو هێڵی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی ئیسلام بوون. درووستکردنی دەستە و تاقمەکانی چەکدار و بێ چەکی ئیسلامی لە کوردەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، هەرچەند بەرژەوندی ئابووریش بۆ هێندێکیان هۆی تێکەڵبوونیان بووبێ، بەڵام هۆی سەرەکی موسڵمان بوونی ئەو کوردانە بووە. دەبێ مەلاکان هەر ئەمڕۆ لە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا چ قورساییەکیان هەبێ، کە ڕێکخراوی مامۆستایانی ئایینی سەر بەو حزبە پێک دەهێنن؟ سەیری حزبە ئیسلامییەکان لە باشووری کوردستان بکەن! حزبی ئیسلامی هەر ئێستا لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەن. تەنانەت پ کا کا لە سەردەمی ئولتراچەپبوونی خۆیدا ڕێکخراوی ئیسلامی لە کەسانی ئایینی پێک هێنا. من پێموایە ئەوە خەتایەکی گەورەی سیاسییە ئەگەر حزووری ئیسلامییەکان لەم ڕۆو ودواڕۆژ لە قالبی سیاسییدا کەم و بە بێ زەرەر ببینین. کەمڕەنگکردنەوەی دەوری ئیسلامییەکان لە لایەنی سیاسییەوە پێوەندی بە هوشیاری تاک و کۆی ناو کۆمەڵگا و بەگشتی باری فەرهەنگی و فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵگاوە هەیە.

**پرسیار:** بژاردە و نوخبە روناکبیرەکانی کورد، زۆرتر لە دڵی حوجرەکانەوە سەریان هەڵدا، بەڵام ئەورۆکە بە پێچەوانەوە، ئیسلامی سیاسی بەشێوەی پراکتیک لە هەمان شوێنەوە سەری هەڵداوە، ئایا ئەمە دەرەنجامی بێئاکام مانەوەی خەباتی حزبەکان بوو؟

**برایم فەڕشی** : دەوری حوجرە بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، ئێمە لە کۆماری کوردستان بەولاوە، لە گەڵ مرۆڤی سیاسی مەدرەسە و دانشگاکان، ڕووبەڕووین کە دەوری سەرەکی لە حزب و سیاسەتدا دەگێڕن، بە تایبەت دوای ساخبوونەوەی حزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٧ هەتا ئەمڕۆ. ئەوەش دەبێ لەبەرچاو بگرێن حوجرەی سەردەمی کۆماری ئیسلامی و سەردەمی کۆن لە کوردستان، بەرهەمی هاوچەشنیان نابێ. ڕەوتی ئیسلامی و ڕێکخراوەکانی ئیسلامی لە هەموو جیهان زۆربەیان لە حوجرەکانەوە سەردەرناهێنن، ئەوانەی دوو بورجی ئیقتیسادی ئامریکایان تەقاندەوە، دەرچووی دانشگا بەناوەکانی ئوورووپا لەوانە ئاڵمان بوون. مەوجی ئیسلامگەرایی ئەمڕۆ دیاردەیەکی جیهانییە. سووچی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی سیاسی و ئیقتیسادی جیهان کە تا ڕەگ و ڕیشە نامرۆڤانەیە، سەرەوتی زۆر لە لایەک و هەژاری و بێ دەرەتانی لە لایەکی تر، هەروەها نزمبوونی هوشیاری کۆمەڵانی موسڵمان لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو و بەکارهێنانی دەستە وتاقمی ئیسلامی لە لایەن وڵاتانی بلۆکی ئیقتیسادی جیهانەوە بۆ مەبەستی سیاسی لە ١٢٠ ساڵی ڕابووردوە تا ئێستا، ژیانی نالەباری خەڵکانی ئاسایی موسڵمان لە هەموو جیهان و دواکەوتووی فەرهەنگی و دەوری ئیسلام وەک ئایینێکی ئاسمانی پشتئەستوور بە خودا، هۆی تەشنەی سیاسی ئیسلامییەکانە. لە کوردستان ڕژێمەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەب دەوریان لە پێکهێنانی جەماعەتە ئیسلامییەکاندا هەیە، لە گۆشە نیگایەکەوە لە لایەنی سیاسییەوە بە گشتی دەکرێ حزبەکان لە نووشستی پێکهێنانی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرپرسیار بزانین، ئەوەی لە نەبوونی ئەوان لە ناوخۆی وڵات، مەیدان بۆ گرووپی ئیسلامی و گرووپی دیکە پەیدا دەبێ، جێگای بیرلێکردنەوەیە .

**پرسیار:** لە ناوەراستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟

**وڵام** : ئیدئۆلۆژی مارکسیستی لە کوردستان دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی نەبوو، باوەڕی کۆمەڵێک کەس بوو کە ڕزگاری سیاسی کۆمەڵانی خەڵکیان لە قەبووڵ و دامەزراندنی سیستمی کۆمۆنیستی و سوسیالیستیدا دەبینی. خولیای کۆمەڵە کەسێک بوو بۆ ڕزگاری لە هەژاری و گەیشتن بە بەرابەری و مساوات، ئەو ڕەوتە لەو سەردەمەدا تەنیا ڕەوتی سیاسی بوو کە مزگێنی ئازادی دەدا. دراوسێ بوونی ئازەربایجان لە گەڵ شووڕەوی و نزیکبوونی لە کوردستان و هاتوچۆی کوردەکان بۆ قەفقاز و هاتنی لەشکری سوور هۆی تەشەنەی ئەم باوەڕە لە کوردستان و لە ناوچەکە بوو، ڕەنگە ڕۆژنامەی ڕێیا تازە و ڕادیۆی کوردی ئێرەوانیش بێ تەئسیر لە بڵاوکردنەوی بیری کۆمۆنیستی لە کوردستان

نەبووبێ. ئیدئۆلۆژی و هەر فەلسەفە و تئۆرییەک خۆی لە خۆیدا نابێتە هۆی گۆڕان ، ئینسان عاملی گۆڕانە. گرێدانی سیاسەت و ئیدئۆلۆژی و ئایین و فەلسەفە لە چوارچێوەی حزب و ڕێکخراوی سیاسییدا، هەڵاواردن و جیاکردنەوەی ئینسانەکانی لە دوایە. گرفتی سیاسییەکانی کورد، بوون و نەبوونی ئیدئۆلۆژی و ئایین و فەلسەفە نەبوو، گرفت نەبوونی ستراتێژی ڕوون و پلانی سیاسی بوو. کورد دەیتوانی بە بوونی حزبێکی ئیسلامی یان مارکسیستی و هەر مەرامێکی دیکە، خۆی ڕزگار بکا و دەوڵەتی خۆی پێک بێنێ، هەر وەک چۆن دەیان میللەت لە جیهاندا وا ڕزگار بوون. هۆگری و تووانەوی سیاسییەکانی کورد لە ئیدئۆلۆژی و ئایین و فەلسەفەدا گرفت بوو، ئەگەر بۆ میللەتانی دیکە ئایین و فەلسەفە و ئیدئۆلۆژی و حزب وەسیلە و بەستەرێک بۆ ڕزگاری بوو ، بۆ کورد ئیدئۆلۆژی و مەزهەب و حزب مەبەست بوو. **لە ناو کورددا حزب وەسیلە نییە، ماڵی ئەبەدییە.** لە پای حزبدا دەکرێ بکوژی و بکوژرێی. حزبەکانی کورد قەتڵ و عامی گەورەیان لە یەک لە پای ئیدئۆلۆژی و مەرامی حزبیدا کردووە. زیندانی کردنی ئینسان و میللەتان لە ناو ئایین و فەلسەفە و ئیدئۆلۆژی گەورەترین خەتای ئینسان هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا بووە، هەموو شەڕ و ماڵوێرانی و قەتڵ و عامەکان بەرهەمی زیندانی بوونی ئینسان لە ناو تێروانینی ڕەبانی و ئایینی و فەلسەفەکانی ڕەگەزپەرەستانە و فاشیستیانە و جیاکەرەوانە بووە. ئینسانی هەمەڕەنگ و هەمە چەشن و هەمە مەرام بە کوردیشەوە حزبی هەمەڕەنگ و هەمە چەشن و هەمە مەرام و سیاسەتی یەک دەست و هەمە لایەنی دەوێ. ئەوەی لە کوردستان بوونی نییە.

**پرسیار:** بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟

**وڵام:** ئێمە لە کوردستان یا حزبی چەپمان هەیە یا ئیسلامی. حزبەکانی دێموکرات لە هەر چوارپارچە خۆیان بە چەپ دەزانن و بەشدار لە ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستن، کۆمەڵەکان لە باشور و ڕۆژهەڵات خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست زانیوە، پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی لە هەموو حزبەکانی کوردستان بە چەپ و کۆمۆنیست تر دەزانی. ئێمە لە کوردستان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات حزبی ناسیۆنالیستی تۆخمان نەبووە و ئێستاش نیمانە. "خەون و ئاواتەکانی کورد" کە لە ڕێگای حزبەکانەوە ڕەنگی داوەتەوە، جیاواز و ئاڵۆز بووە، بۆ وێنە لە سەردەمی موسەدیقدا مەعلووم نەبوو حزبی دێموکرات چی دەوێ، نە بەرنامەی هەبوو نە پرۆگرام. ئێستا کە حزبەکان بە نووسراوە چەند بەرنامە و پرۆگرامی جیاواز لە یەکیان هەیە، ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییان لە ناوخۆی وڵاتدا نەماوە، کۆمەڵە کەسێکی دابڕاو لە خاک و خەڵکن. بەرنامەی نووسراویان هەیە و ڕەنگە خۆشیان ساڵێ جارێک نەیخوێننەوە. ژیانی حزبی دێموکرات زیاتر لە نیوسەدە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێران تێپەڕیوە، ئەو حزبە تەنیا ١٢ ساڵ لە ناوخۆیی وڵات چالاکی سیاسی هەبووە، حزبێکی وا دەبێتە حزبی قەزاوقەدەر. کۆمەڵە بە هەمان شێوە زیاتر لە ٢٥ ساڵە کەوتۆتە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان و تەنیا چەند ساڵی دوای ساڵی ١٣٥٧ لە کوردستان و ناو خەڵک دابوون. حزبەکانی دیکە هەر لە نووکەوە لە دەرەوی خاکی کوردستان و دوور لە جەماوەری خەڵک پێکهاتوون. **حزبی بێ خەڵک ناتوانێ خەونی میللەتێک بێنێتە دی.** ئەو حزبانە لە باشووری کوردستان و وڵاتانی ڕۆژئاوا کۆمیتەی حزبیان ساز کردوە کە لە گەڵ هیچ مەنتقێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نایاتەوە، ئەو خەڵکەی کە دەبێ ڕێکبخێرن و کاری سیاسیان لە نێودا بکرێ لە کوردستان دەژین و ئەو کەسانەی کە دەبێ ڕێکیان بخەن و پێشرەوی خەڵک و موبەلغی حزب بن، هەزاران فەرسەخ دوورتر لەوان گرفتاری ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لە وڵات و ناو خەڵکی ترن. مەنتقی ئەوە بوو کۆمەڵە و دێموکرات وخەبات و پاک حزبی خەڵکی باشووری کوردستان بایەن و لە ناو خەڵک و سیستمی ئەوێ کاری حزبی و سیاسییان کردبا. لە دەساڵی ڕابووردودا ئەو حزبانە بوونەتە حزبی مەجازی و ئەلکترۆنیکی، خەڵک لە کوردستان لە ژێر توند و تیژی و کوشت و بڕ و زیندان و ئەشکەنجە و بێکاری و بێدەرەتانی، نەخۆشی و ئعتیاد و دەیان گرفتی کۆمەڵایەتیدا دەژین، بەڵام حزب و ڕێنمونیکەرانی ئەو خەڵکە بێ ئەوەی لە ئازاری ئەو خەڵکەدا بەشدار بن، بێ دەستەڵات دوور لەوان بەیان دەردەکەن و وتار دەدەن و لە تەلەوزیۆنەکانیانەوە بە شێوەی جیاواز حەول دەدەن حیماسەئاسا وەجۆش و خرۆشیان بخەن. ساڵێ چەند جار بۆ بۆنەکانی حزبییان داوایان لێدەکەن بێنە سەر شەقام یان دووکان و بازاڕ تەختە بکەن. حزبگەلێک کە لە بارودۆخێکی وادا بن ناتوانن "خەون و خەیاڵی خەڵک" بێننە دی، جا چەپ بن یان نەبن. حزبەکان بە مانەوەی یەکجاریان لە دەرەوەی کوردستان فەرهەنگی خەباتی سیاسی، جەماوریی، ڕێکخراوەیی، ڕۆژانە و بەردامیان گۆڕیوە، هەڵس و کەوتی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەوان لە گەڵ هیچ قانوونێکی خەباتی حزبی و سیاسی نایاتەوە. ئەو شێوە لە خەباتە "ئیبداعی" حزبەکانی کورد و ئێرانییە. ئەو بزوتنەوەییەی کە دەبێ باسی بکرێ، ئەوەیە کە لە ناوخۆی کوردستان و ئێران هەر ئێستا و لە نەبوونی حزبەکاندا ڕۆژانە بەردەوامە. خەڵک لە شار و لە دێ لە شوێنی ژیان و کار، لە شەقام و کووچە و کۆڵان و لە هەر شوێنێک ڕووبەڕوون لە گەڵ ئەو سیستمەی کە دەیانچەوسێنێتەوە، کە ئازادییان لێ زەوت دەکات، کە دەیانگرێ، بێ ڕێزیان لە گەڵ دەکات،

ئەتکیان بەسەر دێنێ، لە زیندان و بەندیخانەدا توونديان دەکات، دەیانکوژێ، ئەشکەنجە وئازاریان دەدا، بە کچ وکوڕیان تەجاوزی ناموسی دەکات، لە شەقام و سەر جادە لێیاندەدا، مەوادی موخەدر لە ناو کچ و کوڕ و منداڵیاندا بڵاو دەکاتەوە، بێکاریان دەکات، ڕاویان دەنێ، هەڵوەدای شاخ و کێوەکان بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک، وەبەر ڕەگبار دەدا، بە کەر و ماین و یەستریان ڕەحم ناکا. ئەو خەڵکە ٣٢ ساڵە لە گەڵ ئەو ڕژیمە دەستە ویەخن و ورەیان بەرنەداوە، ئەو خەڵکە ئەو کەسانە بە جێگای باوەڕی خۆیان دەزانن کە لە گەڵ ئەوان لەو ژیان و دەستەویەخەبوونەدا بەشداران، ئەوان ڕابەرانی خۆیان لە شاروگوند و گەڕەک و شوێنی کار و ژیان لە نزیکەوە دەناسن، ڕۆژانە لە گەڵیان هەستان و دانشتنیان هەیە. حزب و ڕیکخراوی سیاسی ئەگەر هاونەفەسی ڕۆژانەی ئەم خەڵکە بن، حزبن و جێگای ڕێز، دەنا کلوبی سیاسین و بە سیاسەت و خەڵک و "خەون وئاواتەکانیانەوە" تیجارەت دەکەن. تەجرووبەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە سەردەمی ١٣٥٧ هیوابەخش بوو، بەڵام کورد لەو سەردەمەدا لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بە تەنیا مایەوە و بشێوی و ناتەبایی ناوخۆی حزبەکان و داسەپاندنی شەڕ مەسەلەی کوردی لە قەوارەی سیاسییەوە بۆ نیزامی گۆڕییەوە، حزبەکان لەو سەردەمەدا نەیانتوانی لایەنەکانی نزیک بە خۆیان لە تاران و ناو حکوومەت و دەرەوی حکوومەت بۆ لای خۆیان ڕابکێشێن، کورد لەو سەردەمەدا لە مەهاباد سیاسەتیان دەکرد نەک لە تاران. مەسەلەی کورد و ویست و داخوازییەکانی نەچووە ناو کۆمەڵانی دەرەوەی کوردستان، کورد ودۆزەکەی و حزبەکانی بە تەنیا مانەوە و کۆماری ئیسلامی و لە سەدریاندا مەلاکان بۆ سەرکوتکردنی خەڵک لەو وەزعە کەڵکیان وەرگرت. بە کورتی ئەگەر سیاسەت بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دەوڵەت و کۆمەڵگا یان بە واتایەکی دیکە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی حزب و پلان دانان و جێ بەجێ کردنی پلان و هەڵسەنگاندنی دەرفەتەکان بێ، حزبەکانی ئێمە چ لەو سەردەمە و چ پێشتر و چ ئێستا حزبی سیاسی لەو چەشنە نەبوون.

**پرسیار:** شۆڕشی ٥٧، گرینگترین ڕووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کە توانی بەشێک لە کوردستان ئیدارە بکات، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وڵام:** ئاوڕدانەوە لەو ڕابووردوە بە تێڕوانینی ئەمڕۆوە، دەبێتە هەڵسەنگاندنی ڕووداوی مێژوویی، پیشەی من ئەوە نییە. دەتوانم بە پێی تاقیکردنەوەکانی خۆم بدوێم، من ساڵێک و چەند مانگ لە کوردستان بووم، لەو ماوەیەدا کاری من پێشکەشکردنی شانۆ لە شارەکانی کوردستان بە زمانی کوردی، کاری فەرهەنگی و کار لە گەڵ خوێندکاران و لاوانی کچ و کوڕ بوو. من لە ڕێگای ئەو کارانەوە ڕاستەوخۆ لە گەڵ خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕووبەڕوو بووم، هەستی جیددی و قووڵی کوردبوون و هۆگری بە فەرهەنگ و زمانی کوردی لە حەدێکی باڵادا لە ناو چین و توێژەکانی خەڵک دەبیندرا، لە هەمان کاتدا سیاسەت و بۆچوونی جیاوازی حزبەکان و لایەنگرانیان. لە کوردستان ئازادی بیروڕا بە پانتای کوردستان هەبوو، باس و گفتوگۆ هەتا سەرحەدی هیستریک هەبوو، لە هەمان کاتدا تیرۆر و کووشتنی موخالفی سیاسیش هەبوو. ئیدارەی شارەکان لە لایەن شۆڕای شارەکانەوە بە دەستی کوردەکان بەڕێوە دەچوو، لە هەمان کاتدا زۆرەملی و کەڵەگایی تاکە چەکداری ئەم حزب و ئەو حزب و ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرسی حزبیش هەبوو. تەعەدا هەرچەند بە دەگمەنیش بووبێت لە سەر ناموسڵمانەکان هەبوو، لە هەمان کاتدا لێپرسینەوە و تەنبێ کردنیش هەبوو. بەرنامەیەکی گشتی و هەمە لایەن و یەک دەست بۆ ئیدارەی کوردستان نەبوو. ئیدارەی شار و گوند و ناوچەکان گرێدراوی حزووری هێزی سیاسی ئەم یان ئەو حزب بوو. حزبەکان دەستەڵاتدار بوون و خەڵکیش بەشدار بوون، بەڵام هیچ پرۆتوکۆل و بەرنامەیەکی گشتی لە نێوان حزبەکاندا بۆ ئیدارەی هەموو کوردستان نەبوو. سنوورەکان و وەرگرتنی باج مایە بوون بۆ هەڵئایساندنی شەڕ و کێشە، چەرچی و ماڵکڕ و ماڵفرۆشی ئەم بەر و ئەوبەری سنوورەکان دەبوو باج بدەن بە حزبەکان. هاوکاری نیزامی نێوان حزبەکان دژ بە هێزەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بووە و نەبووە. ستراتێژی نیزامی هاوبەشی کوردستانی بە پێی پرۆتوکۆل لە ئارادا نەبوو. تەنیا هاوکاری سیاسی، بوونی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بە بەشداری کۆمەڵە و دێموکرات و چریک فەدایی و مامۆستا شێخ عزەدین بۆ وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بوو، کە ئەوەش تەژی لە ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان بوو. بە کورتی ستراتێژی و پلانی هاوبەشی کوردستانی لە هیچ بوارێکدا نەبوو. نەبوونی ستراتێژی و پلان و هاوکاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی سیاسی کورد، تەشەنەپەیداکردنی ناکۆکیەکان، دووشەقبوونی حزبی دێموکرات و ڕێکخراوی چریک فەدایی و تەشەنەی فکری سیاسی حزبی توودە لەو دوو ڕێکخراوەیەدا، گۆڕینی کۆمەڵە بە حزبی کۆمۆنیست و باڵادەستبوونی چەپەکان ئێرانی لەو ڕێکخراوەیەدا، دەستەڵاتپەیداکردنی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای نیزامی و کڕینی کەسان لە کوردستان بۆ پەرەدانی سیاسەت و بەرنامەکانی، هەڵایساندنی شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات و پاشەکشەی حزبەکان بۆ ناوچەکانی سەر سنوور، گەورەترین جوڵانەوەی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دووچاری نووشستی کرد. گورزی کۆتایی کاتێک لەو

جوڵانەویە وەشێندرا کە حزبەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان پاشەکشەیان کرد و بارەگاکانیان دامەزراند. دەستەڵاتی کورد لە باشوور لە ساڵی ١٩٩٢ بەو لاوە بە فیتی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی لە ناو حزبەکانی باشوور، دوا گورزیان لە جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشاند، کە ساڵی ١٣٥٧ سەری هەڵدابوو. ئەو دەرفەتە بە هەڵەی خۆمان و ویستی حکوومەتی ئیسلامی ئێران، لە کورد ئەستێندرایەوە.

**پرسیار:** بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوون؟

**وڵام:** لە چەندین دەورەدا حزبەکان خواستەکانی خۆیان گەیاندە دەست حکوومەت کە گرنگترینیان خواستی ٨ مادەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بوو، کە ڕۆژی شەشی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٨ لە ڕێگای خۆپیشاندانێکی سەراسەری لە هەموو شارەکانی کوردستان بە تەئیدی خەڵک گەیشت، ویستەکان ئەمانە بوون: ١- خودمختاری کردستان بەرسمیت شناختەشدە و درقانون اساسی درجگردد. ٢- مناطقکردنشین کەدر بینچهار استان ایلام، کرمانشاه، کردستان و آذربایجانغربی تقسیم شدەاست بعنوان یک واحد خودمختار شناختەشود. ٣- مجلسملی کردستان ازطریق انتخابات آزاد، مستقیم، مخفی وهمگانی ساکنین کردستان تشکیل شود. این مجلس حکومت خودمختار کردستان و نمایندگانی برای اداره امور اقتصادی، اجتماعی، فرهنگی و انتظامی منطقه خودمختار برخواهد گزید. ۴- زبان کردی زبان رسمی تدریس ومکالمە درادارات وموسسات درکردستان شناختەشود و پسااز سال چهارم ابتدایی زبان فارسی درکنار زبان کردی تدریسشود وزبان رسمی (فارسی) زبان ادارات درسراسر ایران منجملە کردستان باشد. ۵- اختصاص سهم عمومی بودجە کشور بەکردستان بەنحوی باشدکە عقبماندگی اقتصادی ناشی از ستم ملیرا جبران نماید. ۶- نمایندگان خلقکرد دراداره امور حکومتمرکزی شرکت دادەشوند. ٧- کلیە امور مربوط بە سیاستخارجی، دفاعملی (ارتش)، سیاست کلیو ارضی، بازرگانی خارجی و برنامەهای درازمدت اقتصادی درصلاحیت حکومتمرکزی است و بقیەامور داخلی بوسیلە ارگانهای خودمختار کردستان اداره شود. ٨- آزادیهای دموکراتیک ازقبیل آزادی بیان، قلم، مطبوعات، اجتماعات، احزاب و آزادی مذهبو عقیده در سراسر ایران تأمینگردد.»

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە نەیدەویست لە گەڵ حزبەکان بە تایبەت کۆمەڵە و چریک فەدایی وتوێژ بکا، ئەوانی بە کۆمۆنیست دەزانی. پاشان حزبی دیموکرات بە تەنیا حەولی پێکهاتن لە گەڵ حکوومەتی دا و ٢٤مادەی خستە بەر دەمی کۆماری ئیسلامی، ئەوەش سەری نەگرت. دوای دووپارەبوونی حزبی دێموکرات، غەنی بلووریان بە ناوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چواری حزبی دێموکرات حەولی وتووێژی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دا کە سەر نەکەوت، غەنی بلووریان و دۆستانی پاش ئەوە حەولیان دا لە ڕێگای مەلا کەریم شاریکەندی و کۆمەڵێک مامۆستای ئایینی، پڕۆژەی خۆیان بخەنە بەر دەم حکوومەت، کە مەلا کەریم تیرۆر کرا ئەوەش سەری نەگرت. ڕووداوەکانی دواتر سیمای سیاسی کوردستانی بە سوودی کۆماری ئیسلامی و پلانەکانی دووچاری گۆڕان کرد.

**پرسیار:** بەرگری ڕەوا یان شەر لە کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟ بەگشتی جەنگ لە کوردستان چ دەرەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دواوە بوو؟

**برایم فەڕشی** : هەرچەند لە کوردستان هەڵەی سیاسی و کاری نەویستی نیزامی ڕووی دا، بەڵام ئەوەی شەڕی بە سەر کوردستان و خەڵکی کورددا داسەپاند کۆماری ئیسلامی و لە سەدریاندا شۆڕای ئینقلاب و فەرماندەی هێزەکانی نیزامی شەخسی خومەینی بوو. کورد لە گرتنی پادگانەکان لە کاتی خۆیدا ڕۆژانی ٢٠ و ٢١ و ٢٢ی ڕێبەندان نەجولاوە، کە ڕژیمی تازە، دەستەڵاتی بە ڕەسمی گرتبووە دەست، وەخۆکەوت! کوردەکان دەیانویست پادگانی مەهاباد و سنە لە ژێر دەستەڵاتی ئەوان دابێ و کۆماری ئیسلامی هێرش بۆ سەر پادگانی بە تەوتئەی ئەجنەبی وبە دەستریژی بۆ سەر کیانی تازە سازکراوی خۆی دەزانی، ئەوە بوو بە گرێ و خاڵی هەڵایسانی شەڕ. پادگانی مەهاباد لە کاتێک دا گیرا کە هەیئەتی دەوڵەتی بازرگان لە هاتوچۆی نێوان تاران و مەهاباد دا بوو، تەنانەت لە کاتی بریندار بوونی فەرماندەی پادگان پزشکپوور بە دەستی نیزامییەکی نەکورد(غەیرەکورد) لە ناو پادگان ، فروهر وەزیری کاری دەوڵەتی بازرگان کە ئەندامی ئەو هەیئەتە بوو، لە مەهاباد بوو. پادگانی مەهاباد گیرا بەڵام لە سنە پادگان و ئەرتەش لە نەورۆزی ٥٨ کەوتنە شەڕ لە گەڵ پێشمەرگە کە دەوری پادگانیان دابوو. دوای ئەوە شەڕی نەغدە(٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨) لە ئەسنای میتینگی حزبی دێموکرات لە کاتی قسە کردنی دوکتور قاسملو لە ڕێگای تەقەی کەسێکەوە دەستی پێکرد و کوشتار لە کورد و ئازەری کرا و باری سیاسی ناوچەکەی ئاڵۆزکرد. لە درێژەدا بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کورد لە ٢٨ گەلاوێژ شەڕ لە شاری پاوە بە فیتی چەمران و دارودەستەکەی دەستی پێکرد، خەڵخاڵی دوابەداوی ئەوە دەیان کەسی لە شاری کرماشان ئیعدام کرد وبە شوێن ئەوەدا شەڕی خوێناوی سنە و دواتر شەڕی سەقز و ئیعدام کردن پەرەی ساندو شەڕ هەموو کوردستانی داگرت. شەڕ کەش وهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ئێران و کوردستان تێکدا،

بەر لە شەڕ لە کوردستان فەزایی سیاسی و فەرهەنگی و هونەری و باری کۆمەڵایەتی لە گەشەساندن دا بوو، بە تایبەت لە لایەنی فەرهەنگی و هونەری و ئەدەبی جموجۆڵێکی کەم وێنە لە ئارادابوو، ئیعلامی جیهادی خومەینی تەقە لە فەرهەنگ و هونەر و جەوی ئارام لە کوردستان بوو، هەر ئەو ڕۆژەی خومەینی بانگەوازی شەڕی دژ بە کوردی دەرکرد، ئێمە لە شاری سنە خەریکی پێشکەشکردنی شانۆنامەی "مان گرتن" بووین. هەر ئەو ڕۆژە لەشکرێکی ئەرتەش هاتنە نێو شاری سنە و بە بێ تەقە خۆیان دا بەدەستەوە و چەکەکانیان و تەنانەت تەناکەکانیشیان دایە دەست خەڵک، دوایە دەرکەوت ئەوەش دەسیسە بووە، لە بەر ئەوەی کورد گوتەنی دەرزی هەموو چەکەکان پێشتر دەرکێشرابوو و ئەوەش بوو بەهانەیەک بۆ خوێناویترکردنی شەڕەکە. شەڕ لە کوردستان هیچ سوودێکی بە کورد و دۆزی سیاسی نەگەیاند، بە پێچەوانە لە ڕێگای شەڕەوە کۆماری ئیسلامی ویست و خواستەکانی کورد و حزبەکانی کوردستانی پشت گوێ خست و بزوتنەوەی سیاسی ئەو بەشەی کوردستانی بە درێژایی ٣٢ ساڵ تیرۆریزە کرد و ژیانێکی پڕ لە ئازاری بە سەر خەڵکەکەیدا داسەپاند و خۆی سەقامگیر کرد. ئەوەش نابێ لە بیر بکەین جگە لە سێ هێزی سەرەکی کە لە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورددا بەشدار بوون و خوازیاری چارەسەری مەسەلەی کورد بوون، گەلێک کۆڕوکۆمەڵی چەکداری سەر بە عیراق و باڵەکانی نیزامی و سیاسی ڕژیمی پێشوو و دەست و پێوەندەکانی ڕژیمی تاران و دەستە وتاقمی بەکرێ گیراو کە خۆیان خزاندبووە ناو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، عاملی تەشەنەی شەڕ و تێکدانی وەزعی کوردستان بوون. کورد و حزبەکانی بە تەنیا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو نەبوو، هەر ڕووداوێک لە لایەن هەر کەس و تاقم و دەستەیەکەوە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لە سەر باری سیاسی و خراپترکردنی پرۆسەی نێوان هێزەکانی سیاسی کورد و کۆماری ئیسلامی هەبوو. لە هەل و مەرجێکی وادا پێویست بە یەک گرتووی، یەک هەڵویستی سیاسی و ئیدارەی سەراسەری کوردستان لە لایەن کوردەوە هەبوو، پێویست بە پلان و بەرنامە و نەزم و دسیپلینی ئیدارەکردنی کوردستان هەبوو. کورد و حزبەکانی بە یەکەوە خاوەنی پلان و بەرنامە نەبوو، خاوەنی بەرنامەی هاوبەش بۆ شەر لە گەڵ حکوومەت نەبوو، هەر حزبە و خۆی بە پێی هێزوتواناای لە شەڕدا بەشدار بوو. بە پێچەوانە حکوومەت بە پێی پلان و بەرنامە دەجولاوە و ئەرتەشی پێشوو و سپا و بەسیجی تازە دروستکراو، سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان بەرنامە و پلانی حکوومەتیان جێ بەجێ دەکرد. کورد و حزبەکانی هەرچەند خۆڕاگری کەم وێنەیان لە خۆیان نیشان دا و کەوتنە ناو شەڕێکی نابەرابەری خوێناوی و ماڵوێرانکەر، بەوحاڵە پاشەکشەیان بە کۆماری ئیسلامی کرد و دەستەڵاتی شاروگوندەکانیان دیسان گرتەوە دەست، بەڵام پاش دوو کەرتبوونی حزبی دێموکرات و چریک فەدایی و بوون بە حزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە، کورد لە ناو خۆیدا دوو شەقە بوو، ئەوەش دەستپێکی سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی و تێکشکانی کورد لە باری سیاسی و نیزامی لەو سەردەمەدابوو .

**پرسیار:** نەزمی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، چینی نوخبەی شاری دروست بوو، شارەکان گەشەی خێرایان بە خۆیەوە بینی، گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاست ئێراندا هاتبوە ئاراوە، گوتارە رووناکبیرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە جیاواز لەگەڵ ئەوەی کە تێکئاڵاوی ئیدئۆلۆژییەکانی بیری چەپو راستو دینی بوون، هەموویان لە چوارچێوەی گوتاری ناسیونالیستیدا کاریان کردووەو هەوڵی خۆپێناسەکردن بوونو بە واتایەك بە دوای "گەران بە دوای شوناس دا" بوون، رەوتی رووناکبیری کورد بەرەو چ ئاقارێک رۆشت؟

**وڵام** : من هیچ نەزمێکی نوێی جیهانی نابینم، ئەوەی بە ناوی نەزمی نوێ دەرخواردی خەڵکی جیهان دەدرێ، درێژەی دوکترینی کونسێرنەکانی پووڵی جیهان و کردنەوەی ڕێگاچارەی تازەیە بۆ تەشەنەی بازار و سوودی زۆرتر لە لایەک و زیانی زۆرتر بۆ بەشی هەر زۆری خەڵکی جیهان. ئێمە لە جیهانێکی هەژاری هەژار لە لایەک و جیهانێکی تێروتەسل لە لایەکی دیکە دەژین. زۆرترین سەرمایەی ئەم جیهانە لە دەست ٥٧ بنەماڵەدایە، لە جیهانێکی وادا باسکردن لە نەزمی نوێی جیهانی هیچ مانایەکی نییە، ئەوە کالایەکی سیاسی تەبلیغی باڵاترین ڕەدەکانی دەستەڵاتی سیاسی و ماڵی جیهان بوو بۆ خەڵکی ئەم جیهانە. بە داوای لێبووردنەوە من لە درێژەی پرسیارەکە ناگەم .

**پرسیار:** گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟

**وڵام:** ئەوە لە پێداویستییەکانی ئینسانی ناو کۆمەڵگا، لە زەرورەتەکانی زەمان و لە هوشیاری تاک و کۆ و کۆمەڵەکەسانی ناوکۆمەڵگا و بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە پێوەندی بە

کۆمەڵگای ئەمڕۆی شار و گوندەکانی کوردستانەوە هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ ساڵانی ٥٧ و سەردەمی شەڕ بەراوەرد ناکرێ. فەرهەنگی سیاسی و حزبی خەڵک و بە وتەی ئێوە نوخبەکانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئاکادمیسیینەکانی کوردی ئەو سەردەمە، جیاوازە لە سەردەمی ٦٠ و ٥٠ و ٤٠ و ٣٢ ساڵ لەوە پێش. شارەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکانی دانیشتووی شارەکان کە دەوری سەرەکی لە سیاسەتی ئەمڕۆ و دواڕۆژی کوردستاندا دەگێرن، ئیتر شاری داخراوی دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ نیین، سروشتیە لاوانی کچ و کوڕی ئەم سەردەمە، سەردەمیانە بجولێنەوە و تێروانینیان تێروانینی پێشوو نەبێ. سروشتییە کوردستانی ئەمڕۆ پارەیەک لە جیهانی ئەمڕۆ بێ، بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە. نەبوونی حزووری حزبەکان یان لاوازی و قووەتی ئەوان نەبۆتە هۆی تەشەنەی ئەو جەو و شێوە کارە سیاسییە، ئەگەر ئەو حزبانەش ئەمڕۆ لە ناوخۆی وڵات بایەن، لە شێوەی شیاوی ئەمڕۆیی کەڵکیان وەردەگرت.
(ئاڵمان ٢٠١١)

## پرسێکی کورت، وڵامێکی درێژ!

-------------------------------

ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ: زۆرێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە "بەپێچەوانەی پارچەکانی تری کوردستان، بێدەنگی باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشاوە"، ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاودەنگن؟ لە حاڵەتێکی وادا هۆکارەکان بۆچی دەگەڕێنەوە؟ ئەگەر بەپێچەوانەوە پێتان وایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگ نییە، هۆکار[ەکانی] ئەوەی کە زایەڵەی ئەم دەنگە ناگاتە ڕای گشتی چییە؟

**برایم فەڕشی**: گەر مەبەست لە دەنگ، ئەو دەنگە بێت کە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانەوە دەبیسترێ، بەڵێ ڕاستە، دەنگی لەو جۆرە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نایات، لە بەر ئەوەی نە مەلا عەلی بۆتە بەشار ئەسەد، نە ئێران لە بەر یەک هەڵوەشاوتەوە. ئێران تورکیای ئەردۆغانیش نییە، کە بەرەوڕووی پ کاکا و هادەپ و جەماوەری چەند ملیۆنی خەڵک بووبێتەوە. لە ڕۆژهەڵات نە یەپەگە هەیە، نە دەمیرتاش.
ڕۆژهەڵات، باشووری کوردستانیش نییە، کە سەرۆک و پارلەمان و حکوومەت و حزب و دام ودەزگای هەبێ و بە دەست کوردەوە تاپۆ کرابێ. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاپۆکراوی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کوردەکانی خەلەفی ئەو کۆمارەیە. لە ڕۆژهەڵات، نە حزبی دژبەری کۆماری ئیسلامی هەیە، نە ئۆپۆزسیۆنی کوردی! ئەوەش کە بە ناوی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسمی کوردەوە هەیە، جوچکە(کلک)ی حزبەکانی ئێرانیین، کە بەرژەوەندیان گرێدراوی مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە!
لە ڕۆژهەڵات گەر دەنگ هەبێ، کە هەیە، دەنگی تاک و کۆمەڵە کەسی بوارەکانی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتی- پیشەیی و کەمتر سیاسی و مێدیاییە، کە بە سەر دەستە و تاقمی جیاوازی یەکنەگرتوودا، دابەش دەبن، کە لە دژایەتی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامییەوە لە خۆ دەگرێ، هەتا هاوهەڵوێستبوون لە گەڵ ڕژیم.
ئەوانەش کە لە دەرەوەی کوردستان و زۆرتر لە باشوور، نیشتەجێ کراون، ڕواڵەتی حزببوونیان نەماوە و لە ژێر سێبەری حکوومەتی پشت ئەستوور بە کۆماری ئیسلامیدا دەژین، کە ئیزنیان نییە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران پێشێل بکەن. بوونی ئەوان لە باشوور، بەرهەمی مامەڵاتی قرژی کورد و ئێرانییەکانە لە هەرێمی کوردستان. ڕوخساری تراژیکی ئەوان، داستانگەلی چارەنوسی تاڵی نوخبەکانی سیاسی کورد دەگێرنەوە، کە هەموو ژیانیان لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، لە دوورگەیەکی وێران تێپەڕاندووە. چارەنووسی سیاسی هێزە چەکدارەکانی کوردی ڕۆژهەڵات، لە باشووری کوردستان، لە دوو ڕژیمی شاهەنشاهی و ئیسلامی ئێران و ڕژیمەکانی دوابەداوی عیراق لە ژێر باڵی هێزەکانی کوردی"عیراق"، نە تەنیا هەڵەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەنوێنێ، بەڵکوو نگریسبوونی وڵاتانی ئێران و عێراق و چەپەڵبوونی ئاکاری کورد لە گەڵ کوردیش دەردەخات، کە هەمووی لە ژێر ناوی سیاسەت و بەرژەوەندی کورددا، جێبەجێ کراوە.
هۆی سەرەکی ئەم بارودۆخە جگە لە بوونی جەوهەری فکریی، سیاسی، ئیدئۆلۆژێک و مێژوویی کۆمەڵە کەسێک کە لە

ژێر ناوی ئیسلام، بوون یان کرانە خاوەنی ئێران، ناکارابوونی هێزەکانی سیاسی و نیزامی کورد بوو، کە دڕدۆنگ لەیەک، دژ بە یەک، یەکتر نەویست و یەکترکوژ بوون.
ئەوان هەم لە باری سیاسی و هەم نیزامی بە کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دۆڕاند و هیچکات نەیانتوانی پشت ڕاست کەنەوە و قەوارەی حزبی لە خۆ بنوێنن. ئەوان خاوەنی بەرنامە و پلان نەبوون و کۆنە بەرنامەی حزبی توودەیان کردە، بەرنامەی حزبێکی کوردی! ئەوی تر لە ئیدئۆلۆژییدا فڕی بە سەر کوردەوە نەبوو و بەرنامەی سیاسی خۆی لە رووی کتێبەکەی "ئیستالین و مەسەلەی میللی"یەوە، دەنووسییەوە!
چوڵکردنی شاروگوندەکانی کوردستان لە لایەن پێشمەرگە و سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامی بە پاڵپشتی نیزامی، سیاسی بەشێک لە کوردەکان، سەرەتای بێکەڵکبوونی حزبەکان و پاسیفیسمی سیاسی و سەرکوتکردنی هێزەکانی کورد لە پانتای ئێران بوو، کە تا ئەمڕۆ درێژەی پەیداکردووە.
بۆشایی لە ناکاوی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش ئاشبەتاڵی حزبەکان و ڕاکردنی هەزاران چالاکی سیاسی/کۆمەڵایەتی/فەرهەنگی/هونەری/نیزامی بۆ دەرەوەی کوردستان و ئێران، باشترین هەلی بۆ سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامی ڕەخساند، کە کورد و کوردستان تاپۆ بکات.
نوخبەی کورد بە حزبی و ناحزبییەوە، سەلماندیان کە پۆتانسێلی سیاسی و تێگەیشتنیان لە سیاسەت و ڕێکخستنی خەڵک، بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسی/دێموکراتیک و نەتەوەیی، نزمتر لەوەیە کە پێشەنگی نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی بن. لە نەبوونی پێشەنگ و پێشڕەو، کۆماری ئیسلامی پێشەنگی سیاسی/مەزهەبی بۆ کورد پێکهێنا کە هەموویان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جێگایان بووتەوە و ئەوانە تەنانەت ڕازونیاز و هاتوچۆیان لە گەڵ مەقەڕی ڕکەبەرەکانی کۆماری ئیسلامی، لە باشوور هەیە.
کۆماری ئیسلامی ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا بنەما و بنگەهی تێروانین و فەرهەنگی خەڵک تێک بدات و سیمای سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردستان وەک چۆن خۆی دەیەوێ، بنەخشێنێ. لە ڕێگای سیستمی پەروەردە، سیستمی ئیداری و سیستمی فەرهەنگ و هونەر و سیستمی دانشگاهی و سیستمی مزگەوت و سەرجەم دام و دەزگاکانەوە، کوردی خودییان خوڵقاند!

تەجروبەی بنەماڵەکان(ژن و پیاو و لاو و منداڵ) و سەرجەم جیل و نەسڵەکانی کورد، دووچاری گۆڕان کرا، ئەوەی سیستمی پەهلەوی لە کورد پێکی هێنابوو، ڕژیمی ئیسلامی وەریگێڕایەوە سەر ستانداردی خۆی. میللەتێک بە چەشتنی ئازاری بێسنوور، لە دوو ڕژیمدا، بوونە "بازیچە"، یەک ویستی ناسنامەی لێ بستێنێ، ئەوەی تر ناسنامەی بۆ درووست بکا! حزب و نوخبەش لە دەرەوە سەیرچی بوون!
کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٥ ساڵ تەمەنی خۆی، لە پاڵ بەکارهێنانی زەبر وزەنگ و کوشتن و برین و هەڵواسین و زیندان و ڕاونان، لە ناو هەموو چین و توێژەکانی ناوکۆمەڵگای کوردستان، مرۆڤی خۆی پێک هێنا، بۆ ئەوەی دەزگاکانی ئیداری و حکومەتی و نیزامی و سیاسی و عیلمی ناو کوردستانی، پێ هەڵسووڕێنێ.
ژیانی ڕۆژانە و بوونی هەموو ئەوانە بە مووچەی حکوومەتەوە گرێدرا! کۆماری ئیسلامی ئێران هەمان دەوری بۆ کوردەکان گێڕا کە "ئینقلابی مەشروتە" بۆ ئازەرەبییەکانی گێڕا، ئەویش تێکەڵبوونی سەرمایە و سەرمایەداری کورد، لە گەڵ سیستمی سەرمایە و سەرمایەداری ئێران، کە قۆڵی سیاسی، نیزامی، فەرهەنگی و بوروکراتیکی کوردیشی، لێکەوتەوە و چارەنووسیان نە لە گەڵ چارەنووسی خەڵکی کورد، بەڵکوو لە گەڵ چارەنووسی سیستمی کۆماری ئیسلامی گرێدرا!

بەم پێیە تەنیا ئەو تاک و تەرا و کۆمەڵە کەسە، وەک دژبەری سیاسی مانەوە کە یان لە سیستم و ڕژیم دابڕا بوون، یان لە سەرەتاوە لە دەرەوەی سیستم بوون. ئەم دەستەیە جم و جۆڵیان هەیە، کە زۆر بە خێرایی لە لایەن ڕژیم و دەستوپێوەندەکانییەوە دەناسرێن و لە سیستم و لە کۆمەڵگا جیا دەکردرینەوە، یان بە کوشتن و ڕاونان و زیندان، یان بەکردنی مۆرەی خزمەتکاری ڕژیم.
سەرمایەدار و کارسازو خاوەن کارگا و کارخانەداری بە ڕەگەز کورد، جگە لە کوردستان لە تاران و باکووری ئێران و ئیسفەهان و شیراز و تەورێز، سەرمایە و وزەی عیلمی و تەکنیکی و ئابووری خۆیان وەگڕ خست، کۆمەڵێک لەو کەسانە ئەندامانی پێشووی حزبەکانی چەپی ئێران و حزبەکانی کورد بوون، کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری مەلاکان، دژی ئەو ڕژیمە بوون و لە پرۆسەیەکدا بوون بە یاری غاری دەستەڵاتداران و بەشێک لە سیستم. ئەوەش هەر هەمان پرۆسەیە کە

نوخبە و ڕۆشنبیران و فەرهەنگسازانی ئازەربایجانی و سەرجەم توێژی فرە دەستڕۆیشتووی ئاغا و دەربەگی کورد، لە سەردەمی شا، بڕیبوویان.
کۆماری ئیسلامی سەرکەوتوو بوو لە وابەستەکردنی توێژی سەرەوە و مامناوەندی و خوارەوەی کۆمەڵگای کوردستان، لەو سیستمەدا پاسدار و چەکبەدەستی کورد و ئەندامانی بنەماڵەکانیان، هەڵکێشرانە سەرێ و پلەی بەرزی سیاسی، ئابوری، سەنعەتی و دانشگاهیان پێبەخشرا، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە سیستمدا بمێنن، ئەوەش هەر هەمان سیاسەتە کە لە تورکیا و عیراق بە ساڵان سوودی بۆ حکوومەتەکان و زیانی بۆ کورد هەبووە.

لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کورد ڕاستەوخۆ وەک سەردەمی ڕەزاشا لە گەڵ ژاندارم و کاربەدەستی ترک یان فارس ڕووبەڕوو نابێتەوە، بەڵکوو لە گەڵ کاربەدەستانی کوردزمان. هەربۆیە لە هەڵبژاردنەکاندا ڕێژەی دەنگدەران بە مۆرەکانی ڕژیم چ کورد و چ نەکورد، لە ستانەکانی کوردستان گەلێک بەرچاوە. هەڵبژاردنی نوێی تورکیا و گەڕانەوەی کوردەکان بۆ لای ئاکپارتی، هەر ئەم پرۆسەیە نیشان دەدەات. دەنگدەران چاو لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەن، گەر کوردی ئۆپۆزسیۆن گەیشتە ئەو ڕادەیەی بەرژەوەندی خەڵک و لایەنەکانی کورد بپارێزێ، پرۆسەکە بە پێچەوانە دەبێتەوە و خەڵک لە ڕژیم دادەبڕێن و دەگەڕێنەوە بۆ لای هێزەکانی سیاسی کورد. ئەم پرۆسەیە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا، لە ئارادا نییە، هەرچەند خەڵک ڕووبەڕووی تەنگ وچەڵەمەی زۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەمنیەتی بوونەتەوە و بێزاری لە سیستم پەرە دەستێنێ!
کۆماری ئیسلامی ئێران مەرحەلە بە مەرحەلە پایگای سیاسی، کۆمەڵایەتی حزبەکانی کوردی، لە ناو برد و گۆڕانی بنەڕەتی لە ساختاری کۆمەڵایەتی ئابووری شارو گوندەکانی کوردستان پێکهێنا. گۆڕانی بنەڕەتی لە ڕوخساری شار و گوند و تەرکیبی چین و توێژەکانی کوردستان ڕووی دا. بنەمای بەرژەوەندییەکانی خەڵک و چین و توێژەکان دووچاری گۆڕان بوون. نیازی نوێ هاتە ئاراوە کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە گەڵ پرۆژەکانی ڕژیم ڕێک دەهاتەوە. لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە کۆماری ئیسلامی کوردی لە حزبەکان جیادەکردەوە و کۆمەڵگای کوردستانی سەرهەتا بن دووچاری گۆڕان دەکرد، حزبەکان لە دەرەوە چییان پێنەکرا. هەموو ئەو ساڵانە بێدەنگ بوون.

کۆمەڵگای نوێی کوردستان نائارام و ناسەقامگیرە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی کارایی سیاسی/کۆمەڵایەتی/ئابووری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. کۆمەڵگای ئێران بە کوردستانەوە، ئیتر لە جەندەکی(کەوڵی) کۆماری ئیسلامیدا جێگای نابێتەوە، بارودۆخی ناوچە و جیهان و دەوری کۆماری ئیسلامی لە ئاڵۆزییەکانی ناوچە، ئێران زۆرتر بەرەو ئاڵۆزی و ناسەقامگیربوون دەبات، ئەوە کوردانی سوگولی ڕژیمیش دەگرێتەوە کە هەستیان بە بۆشایی ژێر پێیان کردووە، هەر بۆیە ماوەی ١٥ ساڵە ڕووی ترشی خۆیان سەبارەت بە کورد گۆڕیوە و جارناجار بە زمانی ترش هەڵدەکوتێنە سەر ڕژیم و لایەنەکانی، بۆ ئەوەی ڕێگای دووری ناو کوردەکان لۆ خۆیان نزیک کەنەوە. کۆمەڵێک لەوانە چارەنووسیان هەتا کۆتایی گرێدراوی کۆماری ئیسلامی دەمێنێتەوە. ئەوانەی لەم ساڵانەی دوایەدا لاقیان زووتر هەڵخلیسکاوە لە گەڵ غەزەبی ڕژیم ڕووبەڕوو بوونەتەوە، ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێ.
داهاتووی سیاسی کورد لە قەوارەی سیاسی خۆیدا، دەتوانێ چۆنیەتی و چەندیەتی گەلێک جیاواز لە ساڵی ١٩٧٩ی هەبێ، بەڵام ناکۆکی نێوان لایەنەکانی سیاسی ناوخۆی کوردستان وەک خۆی دەمێنێتەوە، مەگەر ئەوەی هێزی پێشڕەوی کورد کە بەشێکیان هەر ئێستا لە زیندانەکاندا ژیان دەبەنە سەر، بە کەڵکوەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی پێشوو، لە ئێستاوە پلان و بەرنامە و ستراتێژی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری بکەن و بیرلە ئەهرومەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان لە ناوخۆ و ناوچە و جیهان بکەنەوە، بۆ ئەوەی ساڵانی ٧٩ و ٨٠ و بەر لەو، دووبارە نەبێتەوە و کورد خۆی لە بەرنامەی هێزی تردا نەبینێتەوە!
کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان دووچاری گۆڕانی بنەڕیتی بووە، ڕادەی تێگەیشتنی خەڵک و ڕێژە و پلەی خوێندەواری و ستروکتوری ژیانی خەڵک و پلەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ژیانی مەدەنی و تێڕوانینی سیاسی و پلەی زانیاریی سیاسی و بەرینبوونی چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی وپیشەیی، کوردستانێک دەخاتە بەرچاو، کە ناچێتە ناو تابلۆی بیروهزرو سیاسەتی حزبەکانی ٤٠ ساڵ و ٧٠ ساڵ بەر لە ئێستا. تاقیکردنەوەی هەموو چالاکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی، مێدیایی کورد لە ٢٥ ساڵی ڕابووردوو، سەرکوتکردنی بەردەوامی بەخۆیوە بینیوە، هەموو ئەو چالاکیانە کە دوای تێکشکانی چالاکی نیزامی ساڵانی دوای ٧٩ دەستی پێکرد، دوو دەورە لە ژیانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات نیشان دەدا، کە پڕە لە هەڵە و کەموکوڕی کە دەبێ ڕەخنەگرانە ئاوڕی لێبدرێتەوە.

من لە کۆتایی ئەم وڵامە دوور و درێژەدا باوەڕەم ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگ نییە، **دەنگی بێدەنگی ڕۆژهەڵات، دەنگە**. ئەم دەرفەتەی ئێستا دەبێ بۆ داڕشتنی پلان و بەرنامە و ستراتیژی، بۆ ڕێکخستن و لێکگرێدانی سەرجەم چالاکانی هەموو بوارەکان لە هەموو چین و توێژەکان بەکار بهێندرێ.

کورد پێویستی بە تاقیکردنەوەی جیاواز لە٢٧٠٠ ساڵی ڕابووردو هەیە. کورد پێویستی بە حزب و ڕێکخراوی جیاواز لە سەت ساڵی چوویی هەیە. ئەم بێدەنگییەی ئێستا دەبێ ببێتە دەنگی شارستانیەتی میللەتێک کە کەسایەتییەکەی بە لولەی تفەنگ و کارەسات و قەتڵوعامەکان، نەناسرێتەوە، بەڵکوو بە کەسایەتی و فەرهەنگ و سیاسەت و ئاکاری نەتەوەیەک بناسرێتەوە، کە ژیان و ئازادی، رزگاری و بەختەوەری و ژیانی پڕلەهێمنی دروشمی سەر ئاڵاکەیەتی.
ئەو ئاڵایەی کە هەر لەو ڕۆژهەڵاتە، شەکایەوە. ئەوەش هەمان دەنگە کە لە ڕۆژهەڵات بەرزکرایەوە، هەرچەند ئێستا نەبیسترێ. کورد لە ڕۆژهەڵات بێدەنگ نییە، گەر خۆی بیربکاتەوە و چاوەڕوانی دۆنکیشۆتەکانی سیاسی ئێرە و ئەوێ نەبێ.
١٦,١٢,٢٠١٥
.